# بێدەنگبوون لەفتوای تیرۆری مەریوان هەڵە بجەیی
# تەسلیمکردنی دەسەڵاتە بەئیسلامی سیاسی

فەرەیدون حەمەڕەشید _ سویسرا
faraidun_73@hotmail.com
14/02/006

ئەمرۆلەکوردستان ئیسلامی فێندەمینتالیست بەهەموبزووتنەوەکانیەوە لەتەلەفزیۆن وڕادیۆ ورۆژنامەکانیەوە بەئاشکرالەکەمپینێکی بەرفراوان دەیانەوێت پاشەکشەبەووتنی ڕاستیەکان و دەنگەئازادەکان بکەن،فتوای مەرگ و تیرۆرکردنی مەریوان هەڵە بجەیی لەکورستان، لەسەرنووسینی کتێبی ( سێکس وشەرع و ژن) دووبارەکردنەوەی ئەو هەوڵ وکارنامانەیە کەئیسلامی سیاسی ماوەیەکی درێژە لەکوردستان وجیهان کاری لەسەردەکات،من ناوەڕۆکی کتێبەکەی مەریوان هەڵە بجەیی نازانم چیە،،بەلام بەقسەکانی مەریوان هەڵە بجەیی دەڵێت ناوەڕۆکی کتێبەکە گێڕانەوەی مێژووی قۆناغی خۆیەتی لەسەر ڕۆشنایی سەرچاوەوئەدەبیاتەباوەڕپێکراوەکانی ئیسلام.،لەڕوانگەی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ وئازادییەکانی تاك،هەرئاماژەیەك لەڕاوبۆچوونەکانی نووسەر دەبێت وەك سەرەتاوسادەترین مافەکانی مرۆڤ ڕێزی لێبگیردرێت.ئەمەیەکەم جارودواجارنیە ئیسلامی سیاسی بەتەنگەتاوی دەست بۆفتوای تیرۆرو سەرکووتکردنی نوسەران وخەڵکی ئازادیخوازدەبات وسێبەری ڕەشی خۆی بەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەکێشێ،لەمیسر نووسەری ناودار فەرەج فوودەکەوتەبەر ڕقی ئیخوانەکانی میسر،ئەکتەرەبەناوبانگەکانی سینەماوشانۆی میسری بەزۆر ڕا پێچی بەستنی حیجاب کران.،عەبدولخالقی تەکنیکاروخاوەن بڕونامەی زانکۆی ئەزهەری میسری لەسەر تەنهابەکوردی کردنی تێکستەکان لەژێرناوی کتێبی ئادامیزادلەکۆمەڵگای کوردی لەهەولێرکەوتە بەرڕێژنەی تیرۆربەدەستی توولەمارەکانی مەلای خەتێ، تەسلیمەنەسرین ژنەدکتۆرەو نوسەری وولاتی بەنگەلادیش لەسەرکتێبێك فتوای دەستبەجێ مەرگی درا تالەڕێگەی ڕێکخراوەجیهانیەکانەوە بەگواستنەوەی لەبەنگەلادیش ڕزگارکرا، شاعیری گەورە شێرکۆبێکەس لەسەردێڕێکی ناوتێکستەکانی شیعر خوێنی حەلاڵ کرا، لەسەرووتارێك دەیان هەزاردۆلار بۆکووشتنی ڕێبوار ئەحمەد بەخەلات بۆبکوژەکەی دیاری کرا،فەرهادفەرەج لەبەرماڵەکەی خۆی وبەبەرچاووی منالەکانیەوەلەخوێنی خۆیدا سوورکرا. لەئەمستردامی پایتەختداڤان کوخ ی دەرهێنەر درابەر چەقۆو دەستڕێژی گوولە،ئەم نموونانەمشتێکن لەخەرواری ئیسلامی سیاسی لەجیهان کەلەگەڵ کەسەنزیکەکانی دەوروپشتی خۆمان ئەنجامدراوە.

## ئاینی ئیسلام و ئیسلامی سیاسی

ئیسلامی فێندەمینتالیست لەمێژەوە لەڕێگەی بزووتنەوە جۆراوجۆر و ڕێکخراوە پیشەی یەکانەوە ئەیەوێت بەبزواندن و گەورەکردنی هەستە ئاینیەکان شۆڕبێتەوە بۆناوناخی کۆمەڵگا وشەڕی دەسەلات بکات تا تاکەکانی کۆمەڵگا بکاتەسوتەمەنی ناوململانێیەك کەوای نیشان بدات بەرگری لەهەست و نەریتەئیسلامیەکانی کۆمەڵگادەکات،نەخێر ئەمەتەواو پێچەوانەیە چوونکەلەتەواوی جیهاندا هیچ کەس ودەسەلاتێك بەری بەنەریت وکلتووری ئیسلامی ناوماڵی خۆی واتەئیسلامی ناڕێکخراولەنیهادو ئۆرگانی سیاسی ڕانەگرتووە، ئیسلام وەك بیروباووەڕی تاك وەك تەواوی ئاینەهەمەچەشنەکانی تری جیهان ڕێزلێگیراوە، مرۆڤەکانی کۆمەڵگای ڕۆژهەلاتی وجیهانی ئیسلام ئازادانە بێ سانسۆرو سڵکردنەوە مومارەسەی ئیسلامی بوونی خۆیان کردووە. بۆیەئیسلامی سیاسی چەندە وەك بزووتنەوەیەکی مەترسیدارو لەمپەڕێکی گەورەوگران لەبەردەم چاکسازیەکانی کۆمەڵگای ڕۆژهەلاتی وجیهانی ئیسلام کەقۆناغ وهەلومەرجەکەدەیخوازێ بووەتەمۆتەکە،.ئەوەندەش بزووتنەوەیەکی زیانبەخشە بۆلەباربردنی ئیسلام وئاینی ئاسایی بەواتایەکی تر بۆناشیرینکردنی پەیوەندی نێوان تاکی باوەڕدارو وخوای خۆی....

## بێ دەربەستی دەسەڵات

ڕەووتەئیسلامیەکان بەهەمووبزووتنەوەکانیەوە ئەگەرلەسەنگەری خەباتی چەکداری سەنگەرلەدەوڵەت ودەسەڵاتە نائیسلامیـەکان نەگرن ئەوابەناوی دیموکراسی و درووشمەکانی کەیەك زەرەش باوەڕیان پێی نیە،بەهۆی قەیرانەکانی دەوڵەت و کارامەیی خۆیان کاربۆئەوەدەکەن نوغبەی کۆمەڵگا پاڵاوتەبکەن تابنکەیەکی فراوانی کۆمەڵایەتی بنیات بنێن بۆگووشارخستنەسەرووناکبیران وبەرەی سکولاریزم.کارەکانی15ساڵی ی دوای ڕپەڕین لەلایەن ئەم ڕەوتانەوە بێ دەربەستی دەسەڵاتی کوردی و مامەحەمەیی کردن بەم ڕەووتانەو نەبوونی ئەگێندای ڕێگیری و بەرنگاربوونەوەی فێندەمینتالیستی ئیسلامی بەرهەمەکەی ئەوغرووربوونەی ئیسلامی سیاسی یە کەبەئاشکرا فتوای کوشتنی نووسەری کتێبێك دەدات،،دەست لەپشتدانی جەماوەربۆهاتنەسەرجادەبۆ کوشتنی مەریوان هەڵەبجەیی،هەڵخراندنی جەماوە و سەنگەرگرتنی شێنەیی ئیسلامی سیاسی یە لەدەسەڵات لەو وەزارەتەی مۆڵەتی چاپی بەکتێبی سێکس وشەرع و ژن داوە نەگەردەسەڵاتی کوردی بەپەلەپڕووزێ چاوبەپەیوەندیەکانی نێوان خۆی وئەورەووتانە نەخشێنێتەوە ئەو درووشمەقەبانەی بەرزی کردۆتەوە لەبانگەشکردن بۆ دیموکراسی،مافەکانی مرۆڤ ،ئازادی ڕەدەربڕین، هەروا دوورلەپراکتیکی بمێنێتەوە و درووشمی چەواشەکارانەبێت ئەبێت فاتیحای مەرگی خۆی بەدەمی ڕاگەیاندنەکانی خۆی بانگەوازبکات.نمونەی نزیك دۆڕاندنەکانی ڕێکخراوی فەتح لەفەلەستین وسەرکەوتنەکانی ڕێکخراوی حەماسی ئیسلامیە،کەهەمووهاوشێوەکانی مەستی سەرکەوتنکردووە،بۆیەدەسەڵاتی کوردی دەبێت لەم مانۆڕەی ئیسلامیەکان لەپاشـەکشەکردن بە بەرەی سکولاریزم وئازادیخوازی چیدی سازش ومامەحەمەی هەڵنەبژێرێت،چارەنووسی مەریوان هەڵەبجەیی وهەردەنگۆیەکی ئازادیخوازی لەئەستۆی دەسەڵاتە تائەوکەتەی درووشمی قەبەوبانگەشـەی دیموکراسی بوون بۆخۆی بکات...